# لاوکی هەڵەبجە مەنیفێستی مەوجوودیەت و ئازار

عەلی مستەفا*

لاوکی هەڵەبجە، شیعرێکە لە کۆی چلویەک لاپەڕەدایە، لە ساڵی ١٩٨٩نووسراوە. هەڵگری پەیامێکی زۆر و واقیعی ئازارێکی قووڵە. ئەم شیعرە ئۆرکێسترای ماتەمینی گەلێکی ستەمدیتە و گوناهێکی گەورەی بوونە. شمشاڵی لاوێکی نووستووی موئەبەدە بە ژیان. چاندنی سێوێکە تا ئەبەد لایەکی سووتاوە. ئەم شیعرە بە زمانێکی شیعری پڕ لە بەرائەتی چنراوە. پریەتی لە خەیاڵی ئەو دیمەنە ڕەنگاوڕەنگانەی بە نیگا، خەیاڵی شاعیر و واقیعدا لەنگەر دەگرن و ناڕۆن. هەڵبەتە ئەم شیعرە شوناسی گەلێکە لە ڕەنگی هەڵەبجەییەکاندا، ناسنامەی نیشتمانێکی ماندوو و شەکەتە لە زامی سارێژ نەبوون و برینە گەورەکەی خاکی هەڵەبجەدا. لاوکی هەڵەبجە، سترانی بێدەنگییە، کە بە گوێی تاواندا چرپێندراوە.

## ● تەنکتر لە گریان و یادەوەریی:

شاعیر لە بۆنی سێو ڕادەکات، نەبادا مەرگی منداڵێکی هەڵەبجە، یاخود مەرگی منداڵێکی کورد لە هەرشوێنێکی دنیادا بێت، بە ناوی سیاسەتی بازرگانییەوە خرابێتە وەزن و کێشانی سێوەکەوە. لەم شیعرەدا گریانی شاعیر لە تۆخکردنەوەی ئەو ئازار و ئێشانە دەردەکەوێت، کە بۆنی مەرگ و هەرزانبازاڕیی مرۆڤایەتی بەسەر گیانی کۆمەڵگەی کوردییدا هاوتەریب لەگەڵ کوردەوارییەکەیدا دەسەپێنرێت و چڕنووکی بێبەزەییانەی بازرگانی کیمیا، بۆمبا و تەقەمەنیەکان لە نێوان سیاسەتی ڕۆژئاوا، ئولفەتی ترسەنۆکانە و ئیدیۆلۆژیای کۆپی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، دەبنە هەڵگری شوناسێکی تاریک و مەترسیدار بەسەر گیانی پەپوولە ئاساکانی هەڵەبجە و تەواوی ناوچەکانی تری کوردستاندا.

**ئێمە چەند رووتین لە بەردەم تۆفانی گازی ژەهراوی و**
**بێڕەوشتیی ئەم چەرخەدا!**
**ئێمە چەند تەنیاین لەپرسەی**
**ئەم شارۆچکە شەهیدەدا. ..... ل ٥٧٣**

هەموو ئەو هەستانەی بۆ مرۆڤبوون کۆمەڵگە لە لووتکە دەهێڵێتەوە، لە چەند ساتێکی تێکەولێکەی بازرگانی بە مرۆڤایەتی، میلەکەی ڕادەگیرێت، نەبادا هەستەکان عاتیفەی ئینسانیانەیان بجووڵێنن و تەوژمی بازرگانییان بە مرۆڤ بوەستێت. کیمیاییکردن، کۆکوشتنی هەڵەبجەییەکان و ناوچەکانی تر، نیشانەی مەوجوودیەتە لە واقیعدا. جێبەجێکردنی تاوانەکەش بردنەسەری مامەڵەی سیاسەتی بازرگانی مرۆڤە لە مێزی تاریک و هەرزانویژدانی خاوەن کۆمپانیا و دەسەڵاتەکاندا.

ڕەفیق سابیر، لە سێبەری ئەو گەمە زمانیانەدا، سەرگەرمی پێشکەشکردن و ڕاستکردنەوەی ئەو بەها ئینسانی و ڕەوشتییەیە، کە واقیعێکی درووشم ئامێز لە میانی تاریکبینیانەوە گومانی بوونی خستە سەر کۆمەڵگە. بۆیە لە دەقەکەدا زمانی شیعریی لە لووتکەیەکدا

دەبینین، کە جوانناسینی دوو دیمەن و دیوی واقیعی ستەمکار و ستەم لێکراو، بەستنەوەی بە مێژوویەکی باو، کە عەقڵیەتی چەپۆک بە ستەمکردن و ڕاهاتن بە ستەملێکردن بەردەوامی پێداین. شاعیر لە سۆنگەی چۆنیەتی نووسین و هۆنینەوەی دەقەکەدا، بەرەو سەرسامیت دەبات (ئەگەر لەهەر کەسێکدا هەوڵێک هەبێت بۆ ئاشکراکردنی نادیارێک و ئاشنا بوون بە جیهانێکی دیکە لەودیو ئەم جیهانە بینراو و هەست پێکراوەوە، ئەوا شاعیر بەهۆی خەیاڵی داهێنەرانەوە، نادیارێک بە ئێمە دەناسێنێت و نهێنییەکمان بۆ ئاشکرا دەکات)١ هەڵبەتە شاعیر جیهانی بوونی مرۆڤی لە ئایەتێکی هەڵەبجەییەکاندا پێشانداوین و لەنگەری ڕوانین و تەماشای ئینسانیەتی گشتی خستووەتە سەر شارۆچکەیەکی بچووک و زامدار، وەک بڵێی هەڵەبجە ئاوێنەیەکی گەورەیە، جیهان تێیدا بچووک بووەتەوە، ئەمە حەقیقەتی بوونە بە مرۆڤ و بە سەرلێشێواوکردنی. پەراوێزخستنی بوونە لە ئاکار و سروشتی بوون بە ئینسانیەت و ژینگەکەی. هەڵبەتە شاعیر لە تەقەلای زمانە شیعرییەکەیەوە هەوڵی ناساندنی شار و مێژووی هەڵەبجەییەکانی داوە. ئەمە کاریگەری ئەو نهێنییە ساڕێژ نەبووەیە، کە سیاسەتێکی تەڵخ بە سیمای خراپڕەوشتی ڕۆژگار، بەسەر چۆن و چنووسی لە دەقدا بۆی بەجێماوە.

ئەم شیعرە نووسینەوەی ئەو بەها هەڵچووەیە، کە لە نێوان خەیاڵ و بەشی سێیەمی بیرەوەریەکانی ئینساندا دەکەونە خۆی، دەق و گوتاری ئەدەبی، یاخود تۆمارکردنی ئەو هەستە گوناهانەن تا ئێستاش دەقی ئەدەبی بۆی نەچووەتە خەڵوەتەوە. کەواتە واقیع چەند ڕەش، یاخود جریوەکەی چەند بەسۆز بێت، دەبێت حەقیقەتی دەقی ئەدەبی لە خەیاڵەوە دەستپێبکات و زمانیش باڵای شیعر ڕێکبخات. (لە ئەزموونەوە زمانێکی فەردانی دروست دەکات لەوێشەوە بەرەو خەیاڵ و پێشبینیکردن دەچێ، وەک چۆن لە ڕێگەی ترس و دڵەڕاوکێی دەروونییەوە مامەڵە لە تەک گومان و بێهودەییە شیعرئامێزەکەدا دەکات بە جریوەو جوانی دەسپێرێت)٢ لەگەڵ نووسەر هاوڕاین لە بوونی زمان و خەیاڵ لە دەقدا، ئەوەی

عەبدولموتەلیب عەبدوڵڵا باســی دەکات، ئەو سەرەتا دروستبوونەیە، کە تاک دەبێتە خاوەن بیرێکی سەربەســت. لەو ســۆنگەیەوە هێمای زمانی فەردانیی، گەشــەی خەیاڵی ئینسانیی و وێژەیی، دەئاخنرێتە ناو دەقەوە. هەڵبەتە دەق بە جاویدی دەمێنێتەوە، ئەگەر سانســۆر نەخرێتە ســەر خەیاڵ و درووشمی واقیع، یان بیر، وەک سەرچاوەی کاریگەر بۆ نووسینەوەی دەق لاواز نەکرێتەوە. (من بە ڕاوچی دەچم و بە هەســت و نەســت دەرک بە شــتەکان دەکەم، نەک بە ئەقڵم. ئەقڵ هەنگاوێک بچێتە پێش شیعر دوو هەنگاو دێتە دواوە. شیعر و ســۆزداری جمکێکن پێکەوە دەژین و پێکــەوە دەمرن و ئەقڵیش بە درزیەوە خۆی لێ مات داون)٣ لە ئان و ســاتی نووســینەوەی دەقی شــیعرییدا نابێت لە ژێر هەژموونــی پارێزبەندیدا بمێنینەوە، ئەگەرنا ناگەینە ئەو دەقەی، کە دەمانەوێت گوزارشــت بکات لە واقیع و ئەو کاریگەرییەی بە ســەر هەســت و نەســتمانەوە دروست بووە. ڕەفیق سابیر، بەم ئەزموونە شیعریەدا، لەماڵی ڕووداو و خەیاڵدا ڕەشماڵی نووسین و هۆنینەوە هەڵدەدات و دەقێک لە تەمەنی هەژدە ساڵیدا هێشــتان بۆنی سێوی هەڵەبجەمان بەســەردا دەپرژێنێت و هەمیشە زیندووە.

**هەڵەبجە هەرەسی هەقە**
**چنگێک خۆڵە خوێن دەیدێرێت.**
**داستانێکە بەیان لە زام دایدەتاشێت**
**لەسەر تەم و**
**دارستان و**
**خۆڵەمێش دەینووسێتەوە.**
**رووبار بەدەم گریانەوە**
**بۆ گیا**
**دەریا**
**بۆ کەنار و**
**تریفەی دەگێڕێتەوە. ..... ل ٥٥٩**

شــاعیر لە شــینی هەڵەبجەدا بە ستایلی ئەدەبیی لە بازنەی

شـیعردا هەنـگاوی لە تـەک لۆژیک چڕ کردووەتەوە. شـاعیر پێمان دەڵێت: هەڵەبجە یادەوەرییەکە بۆمان جێماوە لە زمنی ئەو دەسەڵاتە سیاسی و کۆمەکخوازییەی ساڵانێکە بۆ کوشتنی تریفە و ڕووناکیی، بۆندی بۆ کراوە. شاعیر لە هەر وێنەیەکی شیعرەکەدا وەزیفەکانی بۆ گێڕانەوەی یادەوەریی بە گرووپ، لە چوارچێوەی ئەرک و نزیکایەتیدا دیـاری دەکات، وەک ڕووبـار بۆ گیا، دەریـا و کەنار، تریفەی مانگ لەشەوانی دەرکەوتنەوەی ئاودا دەگێڕێتەوە. کەواتە هەڵەبجە جگە لە گێڕانەوە و یادەوەری ئازارێکی مێژوویی، هیچی تر نییە. (کولتووری سیاسی و رۆشنبیری ئێمە، بە گشتی بێبایەخ بەسەر شتە بچوکەکاندا دەڕوات، ئـەم دەردە تەنیا دەردی رۆشـنبیری کـوردی نییە، بەڵکو بەرهەمی باڵادەستی عەقڵی میتافیزیکییە، خودی عەقلی میتافیزیکی کولتوورەکان لەسەر ئەوە کۆکدەکات تەنیا بیر لە مەزن و موتەعالی و موفاریـق بکەنەوە)٤ هەڵەبجە لە کولتـووری کۆمەڵگەی کوردییدا بووە یادەوەرییەکی مێژوویی و ئازارێکی هەستپێنەکراو لە عەقڵیەتی مرۆڤایەتی و سیاسەتی بۆرژوازیدا. چونکە ئامانج لە هەڵەبجە، تەنیا کوشـتنی مرۆڤ نەبـوو بە تەنیا، بەڵکو بەرزکردنەوەی ئەو مارشـە هەترەشییە بوو، بۆ هەموو تاکێکی کۆمەڵگەی کوردیی و بزووتنەوەی شۆڕشـگێڕی کوردیی، کە جیهان تێیدا کڕ کەوت. کەواتە مرۆڤایەتی درۆیەکی گەورەیە کاتێک لە شوێنی خۆی لەنگەر نەگرێت.

### ● بوون یان تێزێکی گومانایی:

ڕەفیق سـابیر، وەک شاعیرێک شوناسـی ڕەنگێکی کاڵە بەسەر جەستەی حەقیقەت و بێپەروایە لەو ئازارەی لەوەتەی هەیە، گوناهی بۆ دەکات و خۆڵ بە باڵای شـەڕەفی بوون و گەڕانەوەی ڕاستەقینە هەڵدەگرێت. شاعیر لە تێکستی لاوکی هەڵەبجەدا، گریانێکی بە کوڵە لە حەسـرەت ئەو ژاکانە بێبنەمایانەی مرۆڤ دەخاتە ژێر پرسـیاری بـوون و نەبوونـەوە، ئەمەیان کاردانەوەی ئەو کوشـتنەیە، مرۆڤێک دەبێتە بازرگان و هەژارێک دەکاتە کۆیلە، سیاسییەکی درۆزن دروست دەبێت و میللەتەکەی یان لە برسان دەمرێنێت، یانیش لە کۆکوژییدا

دەبێتە هەڵگری شوناسێکی مەترسیدار.

**نهێنیەکان دەپشکنم**
**تا لە نێوان هەقیقەت و چاوانتدا**
**سنوورێک بۆ ئەم گومانە بدۆزمەوە**
**تا ئاڵاکەم لەسەر کەلاوەکان هەڵکەم**
**گەردی سەدەکان لەسەر رۆح**
**شوێنەواری داگیرکەران لەسەر کانی و**
**زەردەخەنەو**
**باران و گیا**
**لەسەر پەنجەرەی ژوورەکەم بسرمەوە.**
**نهێنیەکان دەپشکنم**
**تا داستانی ئەم داستانە**
**یان تاوانی ئەم تاوانە**
**بۆ نەوەکەم بنووسمەوە. ......ل ٥٧٢**

هەڵبەتە شاعیر، لە گەڵ ئەم هەموو نائومێدی و دڵە زامدارەی، هێشتان دەیەوێت ئەم تەلبەندانە ببڕێت و بگەڕێتەوە ئەو سنوورەی ژیان، کە بۆنی سێوێکی نووستووی لێدێت. لەم دەقەدا پەیامی هەواڵێکی ناسۆری هەڵگرتووە و بۆ هەموو نەوە و ڕۆڵەکانی، وەک نەریتێکی گوناه و یاسایەکی چڵێس دەگێڕێتەوە، پێمان دەڵێت: مێژوویەک پڕیەتی لە کوشتنی پەپوولە و کوژاندنەوەی ڕووناکی، پڕە لە سەرڕێژکردنی تاوان، دیمەنەکانی ئەم مێژووە، هەڵواسینی جەستەی ژنە لە تاریکی و سووتاندنی بێشکەیە لە بۆنی سێودا.

ئەم دەقە دەرگەی چوونە ژوورەوەی تاک و نەوەکانی داهاتووی کۆمەڵگەی کوردییە، بۆ ئەوەی ئەم مێژووە لە شکلی گونیەیەک دابکوترێت و هەموو سیماکان لە دیتی خۆیان هەڵاوێر بکەن، بۆ ئەوەی بتوانن داهاتوو لە بیرکردنەوە و چەمکی مرۆڤانەی خۆیان بڕیار بدەن، شاعیر پێی وایە حەقیقەت زۆر جار قەلەواژوو دەبێتەوە لە چنگ ئەو فشارە ڕێجیمکراوانەدا، کە دەبێت تاک لە چوارچێوەی دەرنەچێت، ئەوەش بەلای هەموومانەوە کۆمەککردنە بە کوشتن و کوژاندنەوەی

هەموو ئەو دەقانەی بۆ ئازادی بڕیار، لە دایک دەبن. شێل شیستف فەیلەسووفی رووسی دەڵێت: (ماسی لە قوڵاییدا دەگەڕێت، مرۆڤ لە کوێ ژیان باشتر و خۆشتر بێت، بەڵام هەندێک جار مرۆڤ دەگەڕێت لە کوێ قوڵترە، هەرچەندە بە ڕوونی دەبینێت لەوێ نەک باشتر نییە بەڵکو ئێجگار خراپە)٥ مرۆڤبوون لە سروشتی عاتیفەدا دەبێتە هۆی دروستبوونی ژینگەیەکی ساخڵەم و تۆتالیتارییەکی بەردەوام، لەم دۆخەدا بەرەنگاریی ناماقولییە و فیکر تێیدا پووک بووەتەوە. بەڵام لە سیاقی بڕیار و جەبرییەتی دەسەڵاتدا بۆ ئومێد و نائومێدیی، بۆ مانەوە و تەقینەوە، هێز لاسەنگ دەبێت، چونکە خەسڵەتی مرۆڤ سەربەستییە، ئەمەش ئەوی بوون، وەک شۆڕشگێڕێک لە دەروونیدا ڕێجیمی لە بازنەیەکی داخراودا قەبووڵ نییە.

## ● لالانەوەی مرۆڤێک لە دڵنەواییدا:

شاعیر لە کۆستی شارێک و مەخلوقەکانی شار، تاری تاڵ لە ناو وشەکانیدا دەژەنێت، هاوپێوان دەکات لە شینی ئاوابوونی تیشک لە کەلی بڵندی شنروێ و گوومبوونی ئاسۆی یار و یاوەرانی. هەڵبەتە ئەم دەقە جگە لەوەی پەیامێکی گەیاندن و ئاگادارییە بۆ نەوەکانی داهاتوومان، بۆ تۆماری مێژوویەکی پڕ لە تاوان، نووسینەوەی جەستەیەکی بریندار و خەمدار، ئەوا دەقێکە پڕیەتی لە ئێستاتیکا، نووسینەوەی هاوشێوەی پەپوولە و بەرائەتەکەی. چەند جوانە گوڵ نەژاکێت، چەند گەورەیە خۆڵ بە خەردەل نەشێلدرێت، چەند ئازیزە زارۆی چاوگەش بخەوێت و بۆنی سێو نەیکوژێت. شاعیر لە ئاکامی ڕوودانی ئەم هەموو تاوانانەدا مێژوویەک لە دەقدا دەخاتە بازنەی تاوان و لێپرسینەوە.

**بنوو کۆرپە شیرینەکەم!**
**چیتر دەنگی دەستڕێژ و فڕۆکە نایەت**
**بنوو ڕۆحە شەکەتەکەم!**
**بۆنی گاز و خوێن و جانەوەران نایەت. ...... ل ٥٧٤**

شاعیر لە کەرنەڤاڵی مەرگدا بە گیان و جەستەیەکی ماندوو،

تێلای نائومێدی دەگرێتە ئەو ئارامگەیانەی کۆرپەکانی کورد لە هەڵەجە بۆ ئەبەد خەوتن و بیناییان لە دیدار کەوتوون. ئەوە ئەو جواننووسین و لاڵانەوە عیرفانی و ئینسانیانەیە شاعیر لە تەناسوخکردنی کردەیی هەموو مرۆڤێکی ڕووحیی و بە ویژداندا دەیچێنێت و لە گۆشەی دەقێکی پڕ تاسەدا شیوەنمان لەگەڵ دەگێڕێت.

ئیتر ئەو هێڵە تەریبانە ڕاست نابنەوە. ئارامگەکان پڕن لەو گوناهانەی بۆنی بەهەشتیان لێدێت. دواجار جەلاد پێویستی بە کوشتن و تەقاندنی فیشەکی شێت نەما. بۆنی گاز، خوێن و جانەوەریش کاری خۆیان کرد. مێژووش لە ئامێزی شەرمنترین سەکۆدا چاوی خستووەتە سەر لیباسی یوسفەوە. دوای هەر مردنێک توخمی کوشتن ئاشنایەتیمان ناکات.

بەرئەنجامی ئەم توێژینەوەیە دەرکەوتنی ترادسیۆنی کوشتنە لە شکلی مرۆڤێکی جەلاد، یاخود شاعیر لە گومانەوە کەرنەڤاڵی ئەوەی بۆ کێشاوین، کە ئیدیۆلۆژیا لە هەر جەمسەر، پێگەیەک و ئاستێکدا بێت، تێنووە بە کوشتنی مرۆڤ، کاتێک مرۆڤ نەبێت بە کۆیلە و عابید. لە شاعیر وایە هەر جۆرە کوشتنێک و کۆکوژییەک، ئاماژەیە بە مەوجوودیەتی بەرانبەر، جا بەرانبەر لە هێزدا بێت، یان لە بێهێزدا بێت. شاعیر لە دەرکەوتەی ناهاوسەنگی ژیان، گەشەی زوڵم و تاواندا لە بازنەی باو دەردەچێت و هەموو بیر و باوەڕێک بە هیچ دەزانێت، ئەگەر لە خزمەتی تەواوی مرۆڤدا نەبێت بە هاوسەنگی یاسایی، کۆمەڵایەتیی و سروشتیی.

**سەرچاوەکان:**

١- میراودەلی، عومەر، زمانی دەق، هەولێر: وەزارەتی ڕۆشنبیری، ٢٠٠٨، ل. ٣٣.

٢- عەبدوڵــڵا، عەبدولموتەلیــب، زمــان، بوون، شــیعر، هەولێر: چاپخانەی موکریانی، ٢٠١٠، ل. ٥٥.

٣- ماغوت، محەمەد، من ترس ڕۆحی سمیوم، و: شوان ئەحمەد، چ٢، سلێیمانی: ئەندێشە، ٢٠١٦، ل. ٥٩.

٤- عەلــی، بەختیــار، لەودیــو کورســیەکانەوە چــی دەبینێت، ڕوانینیک لە ماناکانی کورســی، گۆڤاری هەنار، ژ (٢٩)، ســلێمانی، ٢٠٠٨، ل. ١٩.

٥- عەلی، ئومێد حەمە، مرۆڤ لە نێوان هیچ و ناکۆتادا حەقیقەتی بوونی مرۆیی لە ئاسۆی فەلسەفەی بلێز پاسکاڵ دا، گۆڤاری هەنار، ٢٠١٢، ژ (٧٩)، ل. ٦٠.

٦- سابیر، ڕەفیق (دیوان)، چ١، سلێمانی: ناوەندی غەزەلنووس، ٢٠١٤.

---

**عەلی مستەفا:**

لــە ســاڵی (١٩٧٩) لــە گونــدی ئالماوانی ســەروو لەدایکبووە. دەرچووی کۆلێژی زمان- بەشی زمانی کوردیی زانستگەی سەلاحەدینە. ئەندامی ســەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستانە. فەرمانبەرە لە کۆلێژی پەروەردەی شەقلاوە.

توێژینــەوەو وتاری ئەدەبیــی، پەروەردەیی، ژینگەیی، فیکریی و سیاســیی لــە زۆر بڵاوکراوەکانی کوردســتان بڵاوکردووەتەوە. چەند پڕۆژەیەکی نووسینی لێکۆڵینەوە و شیکاری ئەدەبیی لەژێر دەستدایە.